



Abdul Rahman Ghassemlou and Abdullah Ghaderi-Azar in Madrid, 1986. Photo by Carol Prunhuber.




**پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەن زادە بە وەرگێڕدراوی دەقی کوردیی کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کورد خولیای کوردستان و**

**بەڵگەنامەکانی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەرو دەوری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و لایەنەکانی دیکە لەو تێرۆرانەدا**

## بەشی ٣٠

**لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، بە پێداچوونەوەی وەرگێڕدراوی کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کورد خولیای کوردستان کە ڕەوانشاد فتاح کاویان لە ئینگلیزییەوە کردبووی بە کوردیی ومەلاعەبدوللا بە کەڵک وەرگرتن لە نەخۆشیی و فەرامۆشکاریی وەرگێر بەمەبەستێکی سیاسیی تاوانبارانە خۆی لێکردبوو بە ئێدیتۆر و هەزاران تەزویری تێدا کردبوو، لە ٢٩ بەشی ڕابردوودا بڵاو کرانەوە. ئەوەی بلاوکراوەتەوە بەشێکی زۆر کەم لە بەڵگەی تاوانی هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و بەرپرسانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات) بۆ تێرۆری ڕێبەرانی حدکا وئەندامانی بووە کە تەزویرەکانی ناوبراو ئاشکرای کردوون.**

**دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ٢٩ بەشە لە پێداچوونەوەکان بە پێویست زانرا بۆ شارەزابوونی زیاتر لە ڕادەی تێوەگلان و توانەوەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە دەزگاجاسوسییەکانی ڕژیم بەڵگەنامەکانی پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆلینەوەی ئوتریش (نەمسا) کە مەلا عەبدوللا شاردبوونیەوە ئاشکرا بکرێن.**

**لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە ی ئوتریش بە زمانی ئەلمانیی نووسراون. هۆی تەرجەمە نەکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە بە کوردیی ، فارسیی و زمانەکانی دیکە ئەوە بووە کە واقعییەتەکان و دەوری سەرانی ینک و دەزگای زانیاریی و مەلا عەبدوللاو هاودەستەکانی لە توناکردنی حدکاو هاوکاریی کردنەکەیان لەگەل ئیتتیلاعاتی سپاو وەزارەتی ئیتتیلاعات ئاشکرا نەبێ. لەو ڕووەوە ئەوەی تا ئەمڕۆ لەلایەن مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و هاوکارەکانی سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو و سەدان ئەندامی حدکا بلاوکراونەوە، هەڵبەستراو، ساختە و لە واقعییەت بەدوور بوون. چ شتێک بووەتە هۆی بێدەنگ مانەوەی ئەندامانی حدکا سەبارەت بەو هەموو جینایەتە کە مەلا عەبدوللاو تیمەکەی دژ بە د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی و هەزاران کادرو پێشمەرگەی حدکا کردوویانە نادیارە.**

**لەورووەوە بە پێویست زانرا لە دۆکۆمێنتەکانی تەنزیمە سیاسییەکان بە تایبەتیی "یەکێتیی نیشتمانیی"، نووسینەکانی نەوشیروان مصطفی، "کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا " وتوێژەکانی تالەبانیی لە مێدیاکاندا، و ڕێکەوتنەکانی خۆی و وەڤدەکەی لەگەل باقر زوالقدر، راپۆرتی جەلال تالەبانیی بۆ پلێنۆمی ٤ ینک لە ٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١،نامە نهێنییەکانی تالەبانیی کە لە کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێێ بەرپرسیارە و داکۆکیینامەی " نەوشیروان مصطفی بە ناوی " لە هاوخەباتیەوە بۆتەخوین "بۆ بەرپەرچدانەوەی تاوانبارکردنەکەی لە لایەن تالەبانییەوە و تاوانبار کردنی بە دنەدانی صدام بۆ خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە و "کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە بەهاری ١٩٨٨ نووسینی شەوکەتی حاجی مشیر و ئاخر بەش دەسخەتەکانی جەلال تالەبانیی بە ڕادەیەکی زۆر بۆ هەڵدانەوەی پەردە لەسەر نهێنییەکانی کارەساتەکان بۆ لادانی پەردە لەسر نهێنییکانی تێرۆری ڕێبەرانی حدکا و توناکردنی حدکا کەڵک وەرگرین.بەشێکی دیکە بڵاوکراوەکانی سەرانی ئیتتیلاعاتی سپات پاسداران بووە کە لێرەدا ئاماژەیەک بەچەند بەش لەو بابەت و دۆکۆمێنتەکانیان دەکەین کە تا ئێستا شاراوە بوون.**

**لەو پێوەندییەدا دەبێ یەک واقعییەت باس بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی مەلاعەبدوللاو هاوکارەکانی سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملووو د.شەرەفکەندیی و سەدان تێرۆرکراوی دیکەی حدکا نووسیویانە تەزویر، و چەواشەکردنی واقعییەت و پاکانە کردن بۆ تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان بووە. مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە پێی نووسراوەکانی خۆی شەریکە تاوانی بریاردەرانی تێرۆر و تێرۆریستەکان بووە. ئەوە کە تائێستا بلاو کراونەوە کورتەیەک لەو بابەتانەبووە:**

**١ – پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی و هاوکارە کوردەکانیان لە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەردا،**

**٢- تەزویر : زیادوکەم کردن، ساختەچێتیی لە گێرانەوەی ڕووداوەکان، گۆڕینی لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە...**

***٣– خەواندنی پەروەندی لێکۆلینەوەلە تاوانی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی بە بیانووی نە بوونی خەرجی محامی و دادگە،***

ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران[3] ، لێدانی کلیلی چرای سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملووو دوابەدوای ئەو، تێرۆری د.شەڕەفکەندیی لە ١٧ سێپتامبری ١٩٩٢ بووە. ئەو راپۆرتە خەبەرییە لە ژمارەی ١٢٧ "کوردستان" جۆزەردانی ١٣٦٦ راگوێزراو لە کیهان ژمارە ١٣٠٠١١ بانەمەڕی ١٣٦٦ دا نووسراوە و مەلاعەبدوللا حەسەن زادە بە شێوەیەکی هەزەلیی شرۆڤەی کردبوو.

دوای ئاگادار بوونی مەلاعەبدوللا لە راپۆرتە خەبەرییە کەی جەلال تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، بە شێنەیی،بەهێمنیی بە خشکەیی <u>بەرەو ی.ن.ک. و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات</u> <u>خوشیبوو.</u>

<u>ئەوبابەتەی کە بەناوی بەڵگە لەوە روونتر ؟ نووسراوە ،سەلمێنەری ئەو پێگەو جێگە جاسوسییەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادەیە کە لە ناو وەزارەتی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامییدا بوویەتی و وەزیری ئیتتیلاعاتی رژیم لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ واتە ١٨ رۆژ بەر لە تێرۆری د.شەرەفکەندیی لە ١٧سێپتامبری ١٩٩٢ لەقاویدابوو. ئەو بەلگەنامەش دواتر بە وەبەرچاوگرتنی ئاخر دیفاعی وەکیلی بنەماڵەی فەتاح عەبدولیی دەخرێتە بەرباس.</u>

هەوڵی بێ وچانی تالەبانیی بۆ بردنی د.قاسملوو بۆ بە ناو پلانی " وتووێژ"، لەگەل دوو تێرۆریستی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە ناوەکانی مصطفی اجوادی و محمد جعفری صحرارودی دوای هێنانی ئەو تێرۆریستە بۆ یاخسەمەر دەستی پێکردبوو.

جەلال تالەبانیی ئەو چەند تێرۆریستەی کە بۆ وتووێژ بە د.قاسملووی ناساندبوون بە نوێنەری نیزام،نوێنەری پارلمان و نوێنەری سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران پێناسەی کردبوون.

بۆ پێکهێنانی پلانی تێرۆر "ی د.قاسملوو زۆر کارگێڕی سیاسیی و ئەمنییەتیی کوردوعەرەبی کرێگرتەی دۆستی جەلال تالەبانیی بە ناوی احمد بنبێلا و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە جاسوسی رژیم لە ناوخۆی حدکا و کارگێڕانی دەزگائەمنییەتییەکانی رژیم لە تاران و لە ناو باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بە ناوەکانی نقرەکار، متکی وانصاری لە باڵوێزخانەی ئێران .. لە قۆناخی دووهەمی وتویژ لە ١٣/٧/١٩٨٩ لە ڤییەن لە ماڵێکی نهێنیی ژنەسیغەییەکەی فازل رەسوڵ کاگێری وەزارەتی ئیتتیلاعاتو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە مەنتیقەی ٣ ی شاری ڤییەن، ئاپارتمانێ ژمارە ١٢ قاتی ٦ی بینای ژمارە ٥ ی شەقامی لینکە بانگاسێ بە هاوکاریی سەرانی تەنزیمێکی کورد و جاسوسەکانی ناو حدکا بە ئاکام گەیشتبوو.

### خیتابی پێنج خولەکیی جەلال تالەبانیی بۆ وتوێژی قۆناخی یەکەمی وتوێژ لە ٢٨ مانگی دیسێمبری ١٩٨٨

سەرنجراکێشترین مەسەلە لەو بە ناو وتوێژەدا خیتابی پێنج خولەکیی جەلال تالەبانیی یە کە بە زمانی فارسیی پێشکەشی کردبوو. تالەبانیی لەو خیتابەدا هەولی دابوو بە صحرارودی بباوەڕێنێ کە راپۆرتی نهێنییەکەیخۆی بۆ بۆ فلاحیان کە گوایە لە لایەن د.قاسملووەوە نامەی بۆ نووسرابوو کە بۆ ئەماننامە بۆ د.قاسملوو وەربگرێ راست بووە.

ئە و شریتە لە یەکەم کۆبوونەوەدا بە نهێنیی لایەن د.قاسملووەوە تۆمار کرابوو ولە لایەن مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و دواتر مصطفی هجرییەوە ٢٧ سال لە خەلکی کورد و دادوەرانی لێکۆلینەوە و پۆلیسی دادوەریی شاردرابۆوە.

ئەو خیتابە ی تالەبانیی رازی هەموو کارەساتەکانی کوردستان و تێرۆری رێبەرانی حدکا و ئامۆژگارییە- کەی طارق عزیزی بە فەرەیدون عەبدولقادر[4] لە خۆگرتووە.

ناوەرۆکی ئەو پەیامەی تالەبانیی بۆ د.قاسملوو ئەوەبووە": <u>*ئیمە دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی هەڵکردنی ئالای یەکێتیی ولاتانی ئیسلامیی ( هیلالی شیعیی)[ + کوردستان بە سەرۆکایەتیی تالەبانیی- دەقی پەیامەکە ]لەگەل کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک بگرین".*</u>

خوالێخۆشبوو "نەوشیروان مصطفی ئەمین کەسایەتیی ژمارە ٢ی ی.ک.ن. یەکێ لەئەندامانی سەرکردایەتیی ینک بوو کە بۆ ئەو پلانەی تالەبانیی(خەونی چۆلەکە) و بەرێوەبردنەکەی کاراترین و کارتێکەرترین ئەندامی ینک و هاوکاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. بروانە خولانەوە لە ناوبازنەدا روپەری ١٢٣ .

مەلا عەبدوللا حەسەنزادەش بە نهێنیی بەرەو ئەوداوە کشاوە و بووە بە هاوکاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات. ئەو واقعییەتە هەرلەم بەشەدا و لە رووپەری یەکەمدا لە " نووسراوەکەی مەلاعەبدوللادا بە ناوی "بەڵگە لەوە روونتر" لە پەیوەندیی بە ئاخردیفاعی هانس یواخیم ئێریک[5] وەکیلی پەروەندەی بنەماڵەی فەتاح عەبدولی، یەکێ لە تێرۆرکراوەکانی میکونوس دا بخوێنەوە!

ئەو "ئامانجە"واتە خەونی چۆلەکەکەی – تالەبانیی- نەوشیروان مصطفی – مەلا عەبدوللا ، بووە بە زەمینەخولقێنی کارەساتەکانی کوردستان بۆ دوو رژیمی خومەینیی و بەعس. بروانە روپەری ٧ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا و ئامۆژگاریی طارق عزیز بۆ فەرەیدون

3 کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا ، نووسینی نەوشیروان مصطفی رووپەرەکانی ١٠١-١١٤ چاپەکانی یەک و دوو برلین و سلێمانی ١٩٩٩

4 کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا روپەری ٧ نووسینی نەوشیروان مصطفی چاپی برلین و سلێمانی سالی ١٩٩٩

5 Hans- Joachim Ehrig

**عەبدولقادر بۆ دورخستنەوەی کورد لەوکارە ساتانە کە لەرێدا بوون... لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی لاپەرەی ٧ و قەراری ژمارە ١٦٠مجلس قیادەی شۆرش روپەری ٢٠٥– رێکەوتی ٣/٢٩/ ١٩٨٧ لە هەمان سەرچاوە بروانە!.**

**تاڵەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین لە ٢٠٠٩ دانیان بەو واقعیەتانە دانا کە رێکەوتنە خێڵەکیی و نەقانوونییەکەی ١٩٨٦ ( کردنی ی.ن.ک بە تابوری پێنجی رژیمی خومەینیی و تواندنەوەی ی.ن.ک و هێزی پێشمەرگە لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و ناشارەزایی**

**سەرانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی شارەزاییەکیان لە دەولەتداریی، دەولەت، حکومەت ، دەسەلات و دابەشکردنی دەسەلات و نیزامی نوێ دەوڵەتداریی نەبووە. ئەوەی کە مافناسەکانیان ( فواد معصوم ، فەرەیدوکن عەبدولقادر ، تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین خوێندوویانە پێوەندیی بە مافە سیاسییەکانە وە نە بووە. تەنیا شوێنێکی کە ئەو کەسانە ناسیبوویان بە شی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بووە. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا و رێکەوتنە نە قانوونییەکەیان لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران خولانەوە ١٠٣–١١٤**

**رژیمی صدام حسێن هەمانداوای لە د.قاسملوو کردبوو وەلامەکەی د.قاسملوو بۆ ئەو داوایە زۆر سەرنجراکێشە. نووسەری ئەم لیکۆلکینەوەیە دوو جار ئەو باسەی لە نەمر د.قاسملوو و جارێکیش لە هاوژینەکەی بیستووە. لە دەرفەتێکی دیکەدا باسی دەکرێ.**

**دوای هەڵبژاردنی اکبر هاشمی رفسنجانی بە سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران و کردنی <u>علی فلاحیان بە وەزیری اطلاعات</u> لە کابینەی رفسنجانی دا،" یەکێتیی نیشتمانی بە رێکەوتن لەگەل سەرپاسدار باقر ذوالقدر " لە ١٩٨٦ کرا بە تابوری پێنجی کۆماری ئیسلامییو جەلال تالەبانیی ئەندامانی سەرکردایەتییەکێتیی نیشتمانیی لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران دا تواندبۆوە بۆ راهێنانیان ناردبوونی بۆ شاری ئیسلامابادی غەرب. کتێبی کارەساتی هەلەبجە ١٠٠–١٠١ و کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا، رووپەرەکانی ١٠٣ تا ١١٤ چاپەکانی ١ و٢ سالی ١٩٩٩ برلین و سولەیمانیی. کرتە بۆ <u>ئێرە</u> و <u>ئێرە</u> بکە و سەرجەمی ئەو کتێبە داگرە![6]**

**سەرانی "ی.ن.ک." بە پێی رێکەوتنەکەیان لە تشرینی ١٩٨٦ لەگەل باقر ذوالقدر، کران بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران. فەرەیدون عەبدولقادر و فواد معصوم کران بەبەرپرسی سیاسیی بۆ گرتنی شاری هەلەبجە و پێشکەشکەش کردنی ئەوشارە بە سپای پاسداران. جەلا ل تالەبانیی بە وتەی محسن رضائی بوو بە موشاویری باقری ذوالقدر و بۆ گرتنی سلیمانیی و کەرکوک و دەربەندی خان و لکاندنی باشوری کوردستان بە ئێرانەوە، بردیە بەرزاییەکانی سلێمانیی و... بروانە ئاخری ئەو بەشە لە " روایت جنگ از زبان فرماندە جنگ" محسن رضائی لەو لینکەی خوارەوەدا[7]**

### <u>کۆکردنەوەی ئەندامانی سەرکردایەتیی"یەکێتیی نیشتمانیی" لەشاری سەردەشت</u>

**بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە بەرەکانی شەر بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، ئەندامانی سەرکردایەتیی ینک لە شاری سەردەشت ناوەندێکی ئیتتیلاعاتییان بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە سەردەشت پێک هێنابوو. سەرانی ینک بەم کارەیان خەلکی هەژاری سەردەشتیان کردە ئامانجی چەکی شیمیایی کە پێشتربە سەرانی ینک یان راگەیاندبوو. ئەوە لە حالێک دا بوو کە طارق عزیز فەرەیدون عەبدولقادری لە پلانی رژیمەکەی و خەونێک کە بۆ کوردستانیان دیبوو ئاگادار کردبوو. پێیان راگەیاندبوو کە ئەگەر ببنە کەواسوری بەرلەشکری ئاخوندەکان خاکی کوردستان توورەکێش دەکەن... لاپەرەی ٧.خولانەوە لە ناو بازنەدا.**

**بیستنی خەبەری کارەساتی هەلەبجەش لە نووسینەکانی نەوشیروان مصطفیدا بخوێنەوە کە تالەبانیی دوای بیستنی کارەساتەکەی هەلەبجە ئارەزووی دوو سێ هەلەبجەی دیکەشی کردبوو کە مەسەلەی کورد بە گوێ جیهان بگەیەنێ.... ئاکامی ئەو کارەی تالەبانیی و مەکتەبی سیاسییەکەی بۆ کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان،خاپورکردنی شاری سەردەشت و کوشتنی ١٠٩ کەس و بریندار کردنی دەهەزارکەس لە خەلکی هەژاری کورد بووە.**

**کردنی یاخسەمەر بە ناوەندی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، و دواتردامەزراندنی لق و دەستەخوشکەکانی لە کانیمراد، قەلاچوالان، سولەیمانیی و هەموو شارو شارۆچکەکانی ژێر دەسەلاتی تالەبانیی[8] لە واقیعدا بۆ داگیرکردنی باشوری کوردستان و لکاندنی بە ئێرانەوە بووە. هێنانی محمد چعفری صحرارودی بۆ(ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی لە یاخسەمەر، لە چەندکیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا لە گەورەدێ بۆ تێرۆری د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی بووە. هۆی ئاگادارنەبوونی سەرانی حدکاو بە تایبەتیی د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی لە روداوەکانی ناوخۆی ی.ن.ک. و توانەوەیان لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران جێی رامانە.**

**ئەو روداوانە حدکا و رێبەرانی لە هەموو لایەکەوە کردبوو بە نیشانەی دوژمنانی دەرەکیی و بە تایبەتیی جاسوسەکانی نێوخۆیی حدکا.**

### "حجت الاسلام علی فلاحیان" و ئاشکرا کردنی جاسوسەکانی لە ناو رێبەرایەتی حدکا دا

---

[6] https://drive.google.com/drive/my-drive

[7] http://vista.ir/article/341282

8 وتوویژی بەرپرسی ئەمنییەتیی حدکا ، سەروان چەکۆ

"حجت الاسلام علی فلاحیان" ، وزیر اطلاعات جمهوری اسلامی ایران، له ۳۰ ئاگوستی ۱۹۹۲ واته ۱۸ رۆژ بەر له تیرۆری د. صادق شەرەفکەندیی له بێرلین، له ئاخافتنێکدا باسی جاسوسی کردنی بەشێک له رێبەرایەتیی حدکای بۆ تیرۆری د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەر کردبوو.

مەلا عەبدوللا له " بەڵگەلەوە روونتر"ەکەیدا زۆر شتی باس کردووە بەلام هیچکام پێوەندیی بە باسەکەی فلاحیانەوە نە بووە. تێکەڵو پێکەلێکی کە نووسیویە بۆ ئەوە بووە کە ناوەرۆکی وتەکانی فلاعیان لەسەرخۆی و هاوکارەجاسوسەکانی دیکەی لە ناو حدکادا بشارێتەوە. مەلا عەبدوللا گرنگترین بەشی ئاخافتنەکەی حجت الاسلام فلاحیانی سانسۆر کردووە کە باسی لە بەشێک لە رێبەریی سیاسیی حدکا کردووە کە ئەوبەشە جاسوسیی بۆ وەزارەتی اطلاعات کردووە.

تەنیا مەبەستی حجت الاسلام راگەیاندنی ئەو واقعییەتە بووە کە: توانیبووی لەو مەودا زەمانییەدا بە هاوکاریی جاسوسەکانی لە ناو حدکا و ی.ن.ک د.قاسملوو تیرۆر بکا. بۆ ناسینی حجت الاسلام علی فلاحیان بروانە ئەولینکە کە بە زمانی فارسیی نووسراوە.[9]

ئەوەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە بڵاوۆکی کوردستانی ژمارە ۱۸۹دا رووپەری ژمارە ۲دا نووسیویە بۆ شاردنەوەی دەوری جاسوسیی خۆی و هاوکارەکانی بۆ علی فلاحیان بووە.

د.شەرەفکەندیی دوای تیرۆری د.قاسملوو، مەلا عەبدوللای لە ئەندامەتیی دەفتەری سیاسیی حدکا دوورخستبۆوە.

سەرنەکەوتنی ئیحتیمالیی پلانی تیرۆری د.شەرەفکەندیی لە بێرلەن و گەڕانەوەی بۆ ناو کادرو پێشمەرگەکانی لە سەفەری ئالمان دەبووە هۆی ئاگاداربوونی د.شەرەفکەندیی لە ناوەرۆکی ئەو ئاخاڤتنەی حجت الاسلام علی فلاحیان کە لە ۳۰ ئاگۆستی ۱۹۹۲ سەبارەت بە تیرۆری د.قاسملوو ئاماژەی پێکردبوو. لە هەڵوێستی فلاحیان لەسەر ئەوبەشە لەهەبونی جاسوسەکانی ناوحدکا بە تایبەتیی لە خەتەری مەلاعەبدوللا حەسەنزادە و جاسوسیی کردنەکەی بۆ فلاحیان ئاگادار دەبوو. پێشتر باسمان لە نوسینی "راپۆرتهی خەبەرییەکەی جەلال تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات "کرد کە فلاحیان بۆ بێرێزیی کردن بە تالەبانیی لە کیهاندا بڵاوی کردبۆوە. فلاحیان لەو جینایەتکارانەبووە کە لە بلاوکردنەوەی جینایەتەکانی خۆی و هاورێکانی نەترساوە. بروانە لینکی ژمارە [٨]

ئاخافتنەکەی حجت الاسلام علی فلاحیان لەمەر تێوەگلانی بەشێک لە رێبەرایەتیی حدکا وبەرەو خەیانەت چوونیان و بە تایبەت تویژێکی سەرەوەی حدکا کە بە وتەی فلاحیان لەژێر چنگی دابووە لەگەل وتەکانی هانس یواخیم ئێرێک لەبەرامبەر یەکتر دابنێ و پێکیان بگرە و هەڵیانسەنگێنە تاواقعییەت خۆی دەرخا.

هانس یواخیم ئێریک " محامی"( وەکیلی عەدلیە– وکیل مدافع ) پەروەندەی بنەماڵەی" فەتاح عەبدولی، یەکی لە تیرۆرکراوەکانی حدکا لە رێستۆرانی میکونوس، لە ئاخر دیفاعی خۆی لە ۲۱ نوامبری ۱۹۹٦ ، ۱٤ فێبرواری و ۳ ئاپریلی ۱۹۹۷ بۆ بە تاوانبارناساندنی بریاردەرانی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیی و هاورێکانی، ئاخاوتنی علی فلاحیان کە لە ۳۰ ئاگوست ۱۹۹۲ لە تەلەڤیزیۆنی رژیمدا بڵاو کرابۆوە پێشکەش بە دادگەی میکونوس کردبوو. دەقی ئاخر دیفاعی هانس – یواخیم ئێریگ بە زمانی ئالمانیی لە خوارەوە ببینە و وەرگێردراوە کوردییەکەی بەدوای دەقە ئالمانییەکەیدا بخوێنەوە!

3–Tatsache ist die Fernsehrede Fallahians vor der Tat am 30. Aug. 1992. Darin war die PDK/ I nach wie vor als Zielobjekt des iranischen Nachrichtendienst – Ministeriums bennant , und zwar nicht nur – wie Rafsandschani in diesem Spiegelinterviwe glaubenzumachen Versuchte als objekt der Ausspähung und der Erkenntenisgewinnung , sondern Fallahian sprach klar und deutlich von Schlägen, die man dieser Partei versezt habe. In der vergangenheit versezt habe und in der zukunft versetzen werde und er sprach davon daß diese Schläge auch im Ausland ausgeführt würden und daß man die Spitzen dieser Partei infiltriert habe und Sie gewissermaßen im Griff habe.

وەرگێردراوی ئەو دەقە لە ئاڵمانییەی هانس یواخیم ئێریک بە کوردیی :

"ئاخافتنە تەلەڤیزیۆنییەکەی فلاحیان لە ۳۰ ئاگوستی ۱۹۹۲ بەرلە کوشتارەکە، راستییەکە. ناوبراو[ حجت الاسلام ] لەو ئاخافتنەیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەکو رابردوو بە نیشانە و ئامانجی ["تیرۆری" ]وەزارەتی ئیتتیلاعات ناوبرد. ئەو ئاخافتنەی علی فلاحیان وەکو [وتەکانی]رفسنجانی نەبوو. رفسنجانی هەوڵیدا بوو کە لە گوتوبێژ لەگەڵ گۆڤاری شپیگل بیباوەرێنێ کە خستنە ژێرچاوەدێریی [حیزبی دێموکرات ] بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی بووە، بەلام علی فلاحیان زۆر رون و ئاشکرا باسی لە تێسرەواندن وزەبروەشاندن کرد و گوتی: زەبرێکی کە لە دادێ و لەدەرەوە لەوحیزبە دەدرێ لە رابردووشدا لێیدراوە و [ دەزگای ئیتتیلاعات] تا روبەڕی سەرەوەی ئەو حیزبە نفوزی کردووە و قوتکەی ئەو حیزبەی تارادەیەک لەژێر چنگی خۆی گرتووە". خوێنەری ئەوبابەتە باسەرنجی ئەوبەشەی ئاخافتنەکەی فلاحیان بداو لەهەمبەری "بەڵگە لەوە روونترە"کەی مەلا عەبدوللای دابنێ و ببینە داخوا ئەوەی کە لە نووسینەکەی مەلا عەبدوللا دا دەیخوێنێتەوە، پێوەندیی

9 http://news.gooya.com/2017/07/post-5685.php

به جاسوسیی کردنی بەشێ لە حدکای تێداهەیە؟ و ئەو یەک رووپەرە کە مەلاعەبدوللا رەشی کردووەتەوە لەبابەتەدا مەبەستی فلاحیان بووە باسێک بووە یان ئیشارەتێکی پێکراوە و بۆرەخزمایەتییەکی لەگەڵ ئەو ئاخر دیفاعەی وەکیلی پەروەندەکە هە بووە ؟

لە ١٧سێپتامبری ١٩٩٢ د.صادق شەرەفکەندیی و سێ کەسی دیکە بەو ناوانە : ١- فەتاح عەبدولیی، نوێنەری حدکا لە پاریس ٢- حسین نوری دهکردی ٣- هومایون ئەردەلان نوێنەری حدکا لە شاری بێرلین ، لە رێستۆرانی میکۆنۆس، بە پلانی سەرانی رژیمی خومەینیی و بە هاوکاریی تێرۆریستەکانی حیزبولڵای لوبنان و بە ئیقرارو ئیعتیرافی " حجت الاسلام علی فلاحیان" بە جاسوسییکردنی " توێژێکی سەرەوەی رێبەرایەتیی حدکا کە دواتر دەرکەوت، مەلاعەبدوللا حەسەنزادە ، سەر شانەی ئەو بەشە سیخورییەی ناوحدکای تووەوە لە ناو زانیاریی ی.ن.ک. وئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بووە ئەو تێرۆرە بە رێوە چوو بوو.

١٨ رۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ئەو وتوێژەی حجت الاسلام فلاحیان، لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢، د. شەرەفکەندیی وسێ هاورێکەی لە برلین بە پێێ ئەو پلانەی کە فلاحیان لە ٣٠ ئاگوست بەوجۆرە کە فلاحیان هەڕەشەی کردبوو بەرێوە چوو و د.شەرەفکەندیی و هاورێکانی تێرۆر کران.

پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانی ئالمان و دادگای میکونوس لە لێکۆلینەوەکاندا بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەو ئیددیعایەی علی فلاحیان سەبارەت بە جاسوسیی کردنی ئەو ‘‘توێژەی سەرەوەی رێبەریی حدکا،’بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات راست بووە. هەربەوشێوەیە دەرکەوت کە یەکی لەو تێرۆرکراوانەی میکونوس لەگەل وەزارەتی ئیتتیلاعاتی علی فلاحیان لە پێوەندییدا بووە و ابولقاسم مصباحی شاهیدی C " ناوەکەی ئاشکرا کردووە. بروانە کتێبی" ترور بە نام خدا" نووسینی مهندس پرویز دستمالچی و کتێبی ویلهێلم دیتل بە زمانی ئالمانیی بە ناوی ئەرتەشە نهێنییەکانی جیهانی ئیسلام و فیلمی" ترور میکونوس، کارگردان آرمان نجم و ترور در برلین,

مەلاعەبدوللا حەسەنزادە لە رۆژی راگواستنی ئاخافتنەکەی فلاحیان لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ (دووشەممە ٨ شهریور ١٣٦١ ) بۆ ناو بابەتەکەی خۆی باسی لە تێوەگلانی خۆی و هاوکارەکانی بۆ جاسوسیی کردن بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێردەسەلاتی علی فلاحیان نەکردووە. لێرەدایە کە خۆی گوتەنیی : " بەڵگەوە لەوە روونتر"؟

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە زانیبووی کە د. شەرەفکەندیی لە سەفەری ئالمان ناگەرێتەوە و جەلال تالەبانییش زانیبووی کە د. شەرەفکەندییش وەکو د.قاسملوو تێرۆر دەکرێ. تالەبانیی لە قەولی پاسدارێکەوە لە لای کارگێرێکی ئەمنییەتیی باسی ئەوبابەتەی کردبوو کە گوایە " د.شەرەفکەندیی لە پلانی تێرۆرەکەی ئاگادار کردبوو".

**تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لە لێکۆلینەوەکانی پۆلیس، دەزگای دژەتێرۆر و دادوەرانی لێکۆڵینەوەدا**

**پرۆتۆکۆل، درێژەی لێکۆلینەوە لە تاوانی کوشتن لە لایەن پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوی ئوتریش**

**لێکۆلینەوەی رۆژی ١٣/٧/١٩٨٩**

**دەسپێک لە کاتژمێر یەکەوە تا سێ**

پرسیار لە ئازاد بەرپرسێکی حدکا لە ڤییەن، لە دایکبووی ١٩٥١ , زەوجیو ، خوێندکار ، ئوتریشیی، خاتوکارۆل پرۆن هۆبێر لە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کوردا کە وەرگێرەکەی کردبووی بە کوردیی، ئەوبابەتەی بە کورتی و بە شێوەیەکی ناتەواو نووسیوە.

لە شوێنی نووسینی ئەو پرۆتۆکۆلە ئازاد زانیاریی خۆی لەسەر سکرتێری حدکا و دووکەسی دیکە کە لە روداوی ١٣/٧/١٩٨٩ لە لینکە بانگاسێ بینای ژمارە ٥ قاتی ٦ ئاپارتمانی ژمارە ١٢ کوژرابوون، باس دەکا.

ئازاد گووتبووی: پێشەکیی دەمەوێ ئەوە باس بکەم کە لە رۆژی ١١/٧/١٩٨٩کاتژمێر ١٥ سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان د.عەبدوررەحمان قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر بەرپرسی دەفتەری حدکا لە پاریس ،لە فرۆکەخانەی ڤییەن شوێشات [10] کە لە پاریسەوە هاتبوون بەرەومالی خۆمم بردن و ئەو رۆژە دوانیوەرۆ و شەوەکەی لە مالی من بوون.

ئەمرۆ ١٣/٧/١٩٨٩ هەموو وێکرا لە لەخەو هەستاین و کاتژمێر هەشت قاوەڵتی کرا و زۆرمان قسە -کرد و تا کاتژمێر ١١:٣٠لەماڵ دەرنەکەوتین. کاتژمێر ١١:٣٠ هاوژینەکەم، د.قاسملوو و منی برد بۆ رێستۆرانی کالینبێرگ. عەبدوللا قادریی لەبەر سک چوون لە مالێ مایەوە. کاتژمێر یەک جەمی نیوەرۆ(فراوینمان) خواردو وتا دەمژمێر ١٣ لەو رێستۆرانە ماینەوە. کاتەکەمان بە رووانین و ئاخاوتنی ئاسایی تێپەڕ کرد. دوای ئەوە بەرەو مەنتیقەی ١٤شەقامی

---

10Schwechat

[11]ماسباخرگاسە گەڕاینەوەماڵێ و کاتژمێر ١٤ بۆ وتوێژێک کە عەبدوڵلا قادریی تێیدا بەشدار بوو وەرێ کەوتین. سکرتێری حدکاو عەبدوڵلا قادریی و من بەرەو وەزارەتی نێو خۆیی ئاژوتمان. لەوێ قەرارێکمان بۆ کاتژمێر ١٦:٠٠ لەگەل دوکتورماچکا هەبوو. زوو بوو. ماوەیەک لەباخی گشتیی پیاسەمان کرد. کاتژمێر ١٥:٥٠بەرەو وەزارەتی نێوخۆیی لە [12]هێرنگاسە وەرێکەوتین.لە قاتی یەکەم، لە ئۆدەی چاوەروانیی دانیشتین و تا ١٦:٣٠ چاوەران بووین. لە وەختی دیاریی‌کراودا خانمێک لە وەزارەتی ناوخۆیی‌یەوە پێی راگەیاندین کە د.ماچکا ناتوانی لەلە کاتی چاوپێکەوتنی دیاریی‌کراودا بەشدار بێ، چونکە ئەویش لەوکاتەدا دەبێ چاوی بە سەرۆک کۆمار بکەوێ. دوای ئەوە هێندێک نووسراوەی حیزب و کارتی ویزیتی د.قاسملوو مان لە لای ئەو خانمە دانا و بێ ئەوە داوای دیاریی کردنی دیدارێکی دیکە بکەین بە پەلە بیناکەمان بە جێ هێشت. لەوشوێنەوە بەرەو مەنتیقەی ٣ بەرەو هۆتێل هیلتۆن چووین. لەو شوێنە د.قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی لە ترۆمبیلەکە دابەزین. من دەمزانی کە ئەوان ( د.قاسملووو عەبدوڵلا قادریی قەراریان دانابوو لە کاتژمێر ١٧ چاویان بە <u>فازل رەسوڵ</u> بکەوێ. من نەمدەزانی ئەو چاوپێکەوتنە لەکوێ دەکرێ.

من دە بوو کاتژمێر ١٩:٣٠ هەر لەو شوێنە و لەبەر هۆتێل هیلتۆن چاوم پێیان بکەوێ و وێکرا بچین بۆ مەنتیقەی٨ ی ڤییەن لە لاودنگاسە ٢٨، لەوێ جەژنێک هەبوو و دەبوو لەو جەژنەو لە وتوێژێکیش دا بەشداریی بکەین و تاکاتژمێر ١٩ لەوێ بمێنینەوە.

من لەمەر ئەو پرسیارە کە لەبەر هۆتێل هیلتۆن شتێکی نائاساییم دیتبێ دەبێ بڵێم جیا لە دوو کەسی رۆژهەلاتیی شتێکی نائاسییم لەو شوێنە بەرچاو نەکەوت.

نزیک بە کاتژمێر ١٩ لە مەنتیقەی ٨ ی ڤییەن لە شەقامی لاودۆنگاسەوە ترومبێلەکەم بەرەو هۆتیل هیلتۆن ئاژوت، بۆ ئەوە بتوانم لە ١٩:٣٠ لەشوێنی قەرارەکە بم. کاتژمێر ١٩٠٣٠لە بەر هۆتێل هیلتۆن (تێرمینال[13] تاکاتژمێر ٢٠ چاوە روان مام. تا ئەو کاتە کەس نەهات. بەرەو ترۆمبیلەکەم چووم، سەرکەوتم بۆ ئەوە بچم و کیوسکێکی تەلەفۆنی گشتیی پەیدا بکەم. بەرەو مەنتیقەی ٣ ی ڤییەن ئاژوتم و لەوێوە تەلەفۆنێکم بۆ مەنتیقەی ٨ لاودۆنگاسەژمارە ٢٨کرد و لیم پرسین ئاخۆ ئەو دوو کەسایەتیی‌یە دەرنەکەوتوون و پەیدانەبوونیان لە شوێنی قەرارەکە لەبەر هاتنیان بە تاکسیی بۆلای ئێوە بووە؟ لە لایەن خانەخوێ، ( خوسرەو بهرامی)یەوە پێم گوترا شتێکی ئەوتۆنەبووە و ئەوان نە هاتوون. من دیسان گەرامەوە بۆ شوێنی قەرارەکە. لەگەیشتنمدا لەشوێنی قەرارەکە بەو قەناعەتە گەیشتم کە ژمارەیەکی زۆرماشێنی پۆلیس لە شەقامی لینکە بانگاسێ راگیراوە و کۆمەڵێکی زۆری خەڵک لەوێ وەخڕ بوون. زۆر زوو بەو ئاکامەگەیشتم کە نەهاتنی سکرتێری حدکا و عەبدوڵلا قادریی بۆ شوێنی قەرارەکە پێوەندیی بەو قەرەباڵغەوە هەبووە. لەو رووەوە گەرامەوە بۆ شوێنی تەلەفۆنە گشتیی‌یەکە و زەنگم بۆ ئەومالەی مەنتیقەی ٨ لە شەقامی لاودۆنگاسێ ژمارە ٢٨ کرد. من ئەوانەی بە زەینمدا هاتبوو بە خاوەن ماڵەکەم راگەیاند و داوام لێکرد لەگەل حەیدەریی بێنە شوێنی قەرارەکە. من جێگەیەکم بۆ راگرتنی ترومبیلەکەم دۆزیبۆوە، لەبەر ئەوە بە پێ گەرامەوە بۆ شوێنی قەراری چاوپێکەوتنەکە بۆ ئەوە چاوەروانی هاتنی بهرامی و حەیدەریی بم. من لەو خەڵکەی بەوشەقامەدا دەهاتن پرس و جۆی ئەوەم لێدەکردن کە بەکام لادا هاتوون و لە هۆی کۆ بونەوەی پۆلیس لەوشوێنە ئاگادارن؟ ئەوان بە "نا" وەلامیان دەدامەوە. دوای گەیشتنی حەیدەریی و بەهرامیی لە ترومبیلەکەی حەیدەریی سەرکەوتم و حەیدەریی بەرەو لینکە بانگاسێ ئاژوتی. پرسیار کرا کە ئەوە چی رووی‌داوە؟ کەس نەیدەزانێ کە سکرتێری حدکاو قادریی لە کاتژمێر حەڤدەوە تا نۆزدەو سی لە کوێ بوون؟ ئێمە سەرەتا لە هۆی پێوەندیی بەرچاوی هاتووچۆی پۆلیس لەوشوێنە ئاگاداربووین. دوای گەرانەوەی بەهرامیی و حەیدەریی پێیان گوتم کە تەقەیەک کراوە و ژمارەیەک کوژراوی لێکەوتووەتەوە. کوژراوەکان کێ بوون هێچکام لەو دوو کەسە خەبەرێکیان نەبوو.

لەو بەینەدا کە حەیدەریی بۆ دۆزینەوەی شوێنی راگرتنی ماشێنەکەی خەریکی پشکنینی جێیەک بوو من و بە هرامیی بەرەو لینکە بانگاسێ بە پێ وەرێکەوتین. لەو شوێنە من بە نیشاندانی کارتی پێناسەکەم بە پۆلیس و زانیاریی خۆم سەبارەت بەو واقعیەتانەی کە لەوشوێنە دیتبوومن، هۆی خۆتێهەڵقوتاندنی خۆمم بۆپۆلیس لەو ئاپۆرەیە بۆ باس کرد.ئێمەیان بۆ لای پۆلیسێکی لیباس شەخسیی حەوالە کرد. ئێمەش مەسەلەکەمان بۆ ئەو پۆلیسە باس کرد.لێرەدا کەوتینە ناو چەتی پۆلیسەوە. لەوکاتەدا حەیدەرییش خۆی گەیاندینێ. لە لایەن پۆلیسێکی لیباس شەخسیی‌یەوە کە هۆی هاتنمان بۆ ئەو شوێنە پێ راگەیاندبوو ئاگادار کراین کە بریندارێکی ئەورووداوە بردراوە بۆ نەخۆشخانە و داوای لێکردین یەک لە ئێمە بۆ ناسینەوەی ئەوکەسە لەگەل پۆلیس بچێ بۆ ئەو نەخۆشخانەیە. بەهرامی رایگەیاند کە ئەو دەیەوێ بۆ ئەوکارە لەگەل پۆلیسەکە بچێ بۆ نەخۆشخانە. کارگێرێکی وەزارەتی ناوخویی کە بە داخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە لە تەنیشت من و حەیدەری راوەستا، پێم وابوو دوکتۆرە و ئەوەی هەبوو بە کورتی و سەرەتایی و ئەوەی رووی‌دابوو بۆ ئێمە باس کرد و هەوڵمان دا لە گەڵی بچینە ئەو مالە ی کە کوشتارەکەی تێدا کرابوو. حەیدەریی پێی راگەیاند کە حازرە لەگەلی بچێتە ئەو

11 **Massbachergasse**

12**Herrengasse**

13 **Ternminal**

شوێنە بۆ ئەوە لە ناساندنی کوژراوەکاندا هاوکاریی پۆلیس بکا. من خۆم لای پۆلیسێکی دیکە لەسەر شەقامەکە راوەستام. پێنج تا دەخولێک دواتر حەیدەری گەڕایەوە و پێی راگەیاندم کە دوو لە کوژراوەکانی ناسیوەتەوە ئەو دوو کەسەش سکرتێری حدکا، د.عەبدوررەحمان قاسملوو وعەبدوللا قادریی ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون . لێی زیاد کردو گوتی : بەلام کەسی سێهەم ناناسم. دوای ئەوە من داوام لە پۆلیس کرد منیش بەرێتە ئەو شوێنە، لەوانەیە بتوانم کەسی سێهەم بناسمەوە. من کتوپڕ کە چاوم بە تەرمی عەبدللا قادریی و سکرتێری حدکا کەوت ناسیمنەوە. بەلام منیش تەرمی کەسی سێهەمم بۆ نەناسرا، من سەر لە نوێ گەرامەوە بۆ سەرشەقامەکە بۆ لای حەیدەریی لەو شوێنەی کە وێکرا لەوێ بووین.

لەمەر شەخسی خۆم و ئەندامەتیم لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا رادەگەیەنم کە لە ١٩٨١ ەوە تا ١٩٨٧ نوێنەری حدکا لە ئوتریش بووم. من لەبەر درێژەدانم بە خوێندن ئەوکارەم وەلانا.و لە حالی حازردا بەرپرسایەتییم لە ناو حدکا دا نی‌یە....

پرس و جۆی دووهەم لە ئازاد، ئوتریشیی لە دایکبووی ١٩٥١ لە رۆژی ١٤/٧/١٩٨٩

دەسپێک سێ و پازدە خولەک

لێرەدا بە ناوی شاهید و ئاگادار لێکۆلینەوە لە ئازاد ناو کرابوو. لێکۆلەر بەندی ١٥٣ قانوونی سزادانی ئوتریشی بۆ خوێندبۆوە و ئامۆژگاریی کردبوو کە لە گێرانەوەی زانیارییەکانی دا راستگو بێ.

شاهید باسی لە چوونی خۆی بۆ فرۆکەخانەی ڤییەن لە رۆژی ١١/٧/١٩٨٩ کاتژمێر ١٥ کردووە کە د.قاسملووو هاورێکەی بە ناوی عەبدوللا قادریی ئازەر لە پاریس ڕا هاتبوون بۆ ڤییەن و بردبوونی بۆ مالی خۆی وشەوێ لەوێ مابوونەوە.

دەلێ: لە رۆژی ١٢/٧/١٩٨٩ نزیک بە کاتژمێر ٩ د.قاسملووم بردە کافە لاندمەن لە رووبەرووی بورگ تئاتر. د.قاسملوو لەوشوێنە نزیکەی ٢٠ خولەک لەگەل کوردێکی ناسراو لە ڤییەن بە ناوی فازل رەسوڵ قسەی کرد. لە ناوەرۆکی گوتوبێژەکانیان ئاگادار نەبووم. د.قاسملوو سەبەرەت بەوتەکانیان هیچی بۆ من باس نەکرد.

فازل رەسوڵ هەر بەوجۆرەی کە باسم کردو گوتی: فازل رەسوڵ بە باوەری من کوردێکی لایەنگری ئێران و لە باری سیاسییەوە لایەنگرو پشتیوانی تالەبانیی‌بوو، لەهەمانحاڵ دا ئەندامی پوک نەبوو. بە باوەرو هەڵسەنگاندنی من لەگەل <u>باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن لە پێوەندیی دابوو.</u> ئەوهەلوێستەی لە ئال وگۆری ئایینیی و لایەنگریناوبراو لە خومەینیی و جیهانبینیی‌یەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئێمە دوای ئەوە بەرەو مالێ گەڕاینەوە. لە کاتژمێر ١٥ د.قاسملووم برد بۆ مالی فازل رەسوڵ. لە چوون بۆ مالی فازل رەسوڵ عەبدوللا قادرییش رەگەل بوو. دوای چوونی د.قاسملوو وعەبدوللا <u>قادریی بۆ مالی فازل رەسوڵ، من گەڕامەوە بۆ مالێ خۆم.</u> قەرارمان دانا کە ئەوان بۆ هێنانەوەیان بۆ مالی من تەلەفۆنم بۆ بکەن. کاتژمێر ١٩ تەلەفۆنم بۆ کرا و فازل رەسوڵ رایگەیاند کە خۆی بە ترومبیلەکەی تا کافە موزێئوم دە یانبا. من لەوێرا ئەوانم هەلگرتن و لەگەل هاوسەرەکەم چووین بۆ مالی برادەرێکم.

<u>ئازاد دەلێ: من بابەتێکم لە بیر چوو کە باسی بکەم. رۆژی چوارشەممە نزیک بە نیوەرۆ د.قاسملوو پێی راگەیاندم کە دەیهەوێ لە ڤییەن چاوی بە ئەحمەد بنبێلا سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایر بکەوێ.</u> لەمەر ئەوە کە "بۆچی"؟ "کەی " و لە " کوێ" د.قاسملوو هیچی روونی باس نەکرد. ئەو دەبوو لە لای فازل رەسوڵ بێ...کاتی نیوەشەو کە بۆ مالێ گەڕاینەوە،د.قاسملوو وابزانم تەلەفۆنی بۆ فازل رەسوڵ کردو کاتێ کە ئەو بە کوردی ئاخفی، من تەلەفۆنەکەم بڕی.

لە درێژەی قسەکردنەکەدا من توانیم ئەوەی لێتێبگەم کە لەو کەسەی کە تەلەفۆنەکەی بۆکردبوو پرسیاری کرد ... ئەو چی گوت؟ د.قاسملوو وەلامەکەی پێباش بوو.

لێرەدا ئەو بەشە لە لێکۆلینەوەکە لە ئازاد کۆتایی پێهاتووە. ئەو دوو لینکە لە پێوەندیی بە تێرۆری د.قاسملووو ناساندنی علی فلاحیان و دەوری ناوبراو وهاوکارەکانی بە تایبەتیی مەلاعەبدوللا حەسەنزادە و سەرانی ینک و بریارەکانیان و ناشارەزایی‌یان لە پرنسیپە ناودەولەتیی‌یەکان ... سەرنج راکێشن.

https://www.youtube.com/watch?v=AfdiPSK5mL8

http://news.gooya.com/2017/07/post-5685.php

**لــه پێوەنــدی بــه هــۆی خولقانــدنی کارەســاتەکانی ئەنفالــەکان و کارەســاتی هەڵەبجــه و سەردەشــت و تێــرۆری ڕێبــەرانی حــدکا و ئاشــبەتالی هــەموو تەنزیمــەکانی کوردســتان، ئەوبابەتــەی ژێــرەوە ،نووســینی محســن رضــائی فەرمانــدەری شــەر و کتێبــی کارەســاتی کیمیابــارانی هەڵەبجــه ، نووســینی شــەوکەتی حــاجی مشــیر و کارەســاتی سەردەشــت،لە ڕاپــۆرتی تاڵــەبانی بــۆ پلێنــۆمی ٤ ی.ن.ک و وەلامــی ئــەو ڕاپۆرتــه لــه ژێــر ئــەو ســەردێره بــه نــاوی " هاوخەباتیــەوە بــۆ تەخوین،نووســینی نەوشــیروان مصطفی بخوێنەوە!**

**پلانــی تاڵــەبانیی و ئیتتیلاعــاتی ســپای پاســداران بــۆ لکانــدنی باشــوری کوردســتان بــه ئێرانــەوە بــه پێــێ ئــەو وتانــەی محســن رضــائی و تێــرۆری د.قاســملوو و د.شــەرەفکەندیی و جاسوســیی کردنــی مەلاعەبــدوللا حەســەنزادە بــۆ زانیــاریی ینــک و تەســلیم کردنــی دواتــری حــدکا بــه ی.ن.ک. و ئیتتیلاعــاتی ســپای پاســداران لــه پێوەنــدیی بــەو بابەتــەی ژێــرەوەدا بخوێنــەوە و ســەرنجێکی ڕوپــەری ٧ کتێبــی خولانــەوە وئامۆژگارییەکــەی طــارق عزیــز بــۆ فەرەیــدون عەبــدولقادر بــده و خولقانــدنی زەمینــەی کارەســاتەکانی ئــەنفال و کۆمــەلکوژیی هەڵەبجــه و سەردەشــت بــۆ دوورژیمــی ئێــران و عیــراق لــه پێوەنــدیی بــه بریــاری ڕێکــەوتنی تاڵــەبانیی و وەفدەکــەی لەگــەڵ بــاقری ذوالقــدر لــە١٩٨٦ جێێبــاس و لێکۆلینــەوەی زیــاترە. لەوپێوەنــدیی‌دا هەلویســتی د.قاســملوو لەســەر داخــوازی ســەرانی ڕژیمــی بــەعس لــه حــدکا بــۆ هاوکــاریی بــه دژی ڕژیمــی ئێــران و هەڵوێســتی د.قاســملوو بــۆ ئــەو پێشــنیارو داخوازە باس دەکرێ.**

روایت جنگ از زبان فرمانده جنگ



▪ امسال در هفته دفاع مقدس، با توجه به ضیق وقت شما ترجیح می‌دهیم که به جای رویه مرسوم در مصاحبه‌های مطبوعاتی با موضوع دفاع مقدس، سوالات مشخص و تخصصی را مطرح کنیم و از نظرات حضرت عالی استفاده نماییم. از نظر شما که مشکلی ندارد؟

ـ بسم الله الرحمن الرحیم. اتفاقا به نظر بنده

▪ از دلیل تشکیل «قرارگاه رمضان» بگویید. آیا قرارگاه رمضان در جبهه شمالی نمی‌توانست بن بست جنگ در سالهای ۶۳- ۶۲ را برطرف سازد؟


ـ چرا می‌توانست و به همین علت هم ما محور شمال عراق را فعال کردیم. بطور کلی ما در عراق سه هدف اصلی داشتیم که ارزش برنامه ریزی داشت: بصره، بغداد و کرکوک.فاصله ما تا کرکوک خیلی زیاد بود و حتی در برخی مناطق بیشتر از فاصله ما تا بغداد اما امکان خوبی که ما داشتیم مسئله جمعیتی بود یعنی جمعیت ساکن دراطراف کرکوک را اکراد معترض به دولت عراق تشکیل می‌دادند و ما می‌توانستیم با استفاده از اختلاف‌ها و اعتراض‌هایی که نسبت به حزب بعث و دولت عراق داشتند، پتانسیل جدیدی در جنگ علیه دولت صدام بوجود آوریم.

بر همین اساس قرارگاه رمضان را به فرماندهی برادر ذوالقدر تشکیل دادیم و ایشان هم وقت کافی گذاشتند و همراه با آقای طالبانی به سلیمانیه رفتند و در ارتفاعات شمال سلیمانیه و تا نزدیک کرکوک نیروها را جلو کشاندند و در واقع با سازماندهی اکراد معترض عراق به دنبال فرصتی بودیم تا خط دفاعی عراق رادر هم بشکنیم.

در عملیات والفجر ۱۰ یکی از انگیزه‌های اصلی ما این بود که از سمت سد دربندیخان به سلیمانیه نزدیک شویم و با گرفتن سلیمانیه، کل جبهه شمال عراق را به خودمان متصل کنیم درنتیجه عملاً کرکوک هم از طریق سازماندهی که در بین اکراد معترض کرده بودیم به دست ایران می‌افتاد.بنابراین قرارگاه رمضان مورد توجه ما بود تا به عنوان یک محور پر قدرت علیه ارتش عراق سازماندهی شود اما عواملی موجب شد که به اهداف خودمان از جمله تصرف سلیمانیه دست پیدا نکنیم.

**تێرۆریست محمد جعفری صحرارودی کە لە مانگی تشرینی یەکەم سالی ١٩٨٦ بە ناوی سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئێران ناردرا بوو بۆ بۆ یاخسەمەر، تا کۆتایی هێنان بە پلانی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لە یاخسەمەر( لە ناوەندی ینک، لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا لە گەورەدێ جێگیر ببوو. صحرارودی دۆست و هاوکاری زۆر نزیکی جەلال تالەبانی و نەوشیروان مصطفی و ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی بووە.لە لایەن جەلال تالەبانیی‌یەوە بەناسناوگەلی جیاوازەوە وەکو" ڕەحیمیی، سەردار جەعفەریی، رەفیق ئەمیرو ئەبوو حیکمەت ناسێندرابوو.**

## وێنەکانی محمد جعفری صحرارودی


قەراری گرتنی محمد جعفری صحرارودی و حاجی اجوادی و امیر منصور بزرگیان له ۱۹۸۹/۷/۲۲ لە لایەن د.دانێک دادوەری پەروەندەی تێرۆری دقاسملوو و... بە پۆلیس راگەیەندرا بوو ، بەلام گوشاری سیاسیی ئاخوندەکان و هەڕەشەکردنیان لە دیپلۆماتەکانی ئوتریش و گرتنیان بە بارمتە و هەوڵی "هاوپەیمانە "کورد ەکانیان ئەو قەرارەی گۆڕی. ئەو تێرۆریستە بەرەو تاران ئێسکۆرت کرا و لە فرۆکەخانە لەلایەن دۆستە کوردەکانیەوە بە تاجی گولەوە پێشوازیی لێکرا.

Mandato di cattura internazionale

Il cittadino iraniano **Mohammed Djafari SAHAROODI, nato il 07.12.1958 a Teheran, funzionario del Ministero degli Esteri**, ultima residenza presso l'Ambasciata iraniana a Vienna, è da arrestare perché gravemente sospettato di omicidio ai sensi dell'art. 75 del codice penale austriaco.

Motivazione:

In base alle indagini svolte, Amir Mansour BOZORGIAN-ASSL è gravemente sospettato di aver ucciso con premeditazione ed in concorso consapevole e voluto con **Mustafa Haji AJVADI** e **Amir Mansour BOZORGIAN-ASSL** a colpi di arma da fuoco le seguenti persone: **Abdul Rahman GHASSEMLOU, Abdullah GHADERI-AZAR** e **Fadil RASOUL**.

Mohammed Djafari SAHAROODI ha lasciato l'Austria in data 22.07.1989 per l'Iran.

Mohammed Djafari SAHAROODI è alto circa 170-175 cm. È magro, ha i capelli neri corti e fitti, leggermente arricciati. Ha gli occhi scuri e al momento del delitto portava i baffi.

TRIBUNALE PENALE DI VIENNA
1082 Vienna, Landesgerichtsstrasse 11
Sezione 23d, li 19.12.1989

Dr. Michael DANEK
Giudice

23 d Vr 6994/89

Steckbrief

Der iranische Staatsbürger **Mohammed Djafari SAHAROODI**, geboren am 7. 12. 1958 in Teheran, Beamter des Außenministeriums, zuletzt wohnhaft in Teheran, ist wegen des dringenden Verdachtes des Verbrechens des Mordes nach **§ 75 StGB in Haft** zu nehmen.

Begründung:

Mohammed Djafari Saharoodi ist aufgrund der durchgeführten Erhebungen dringend verdächtig, am 13. 7. 1989 in Wien in bewußtem und gewolltem Zusammenwirken mit **Mustafa Haji Ajvadi** und **Amir-Mansour Bozorgian-Asel** durch Schüsse aus Faustfeuerwaffen **Dr. Abdul Rahman Ghassemlou, Abdullah Ghaderi-Azar** und **Dr. Fadil Rasoul** vorsätzlich getötet zu haben.

Mohammed Djafari Saharoodi verließ Österreich am 22. 7. 1989 in Richtung Iran.

Mohammed Djafari Saharoodi ist ca 170 - 175 cm groß, schlank, trägt schwarze, kurze, dichte, leicht gekräuselte Haare, dunkle Augen und trug zum Tatzeitpunkt Oberlippenbart.

LANDESGERICHT FÜR STRAFSACHEN WIEN
1082 Wien, Landesgerichtsstraße 11
Abteilung 23d, am 19. 12. 1989

Dr. Michael Danek
Richter

زانیاریی تەواو لەسەر ئەو سێ تێرۆریستە و هاودەستەکانیان دواتر بە وردیی رادەگەیەندرێن. درێژەی دەبێ. نووسەر بەرپرسی نووسینی وشەبەوشەی ئەوبابەتەیە. حەسەن ئەیوبزادە ۲۰۱۷/۷/ ۲۵